Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10325

# ڕێزمانی ڕۆڵ و ئاماژە لە زمانی کوردیدا

**ئەژین ابراهیم سالح، ئومێد بەرزان برزۆ**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان ،هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

ئەم تیۆرییە لە زمانی ئینگلیزی بە، (The role and reference grammar) ناو دەبرێت لەزمانی کوردیدا زاراوەی ڕێزمانی ڕۆڵ و ئاماژە یان ڕێزمانی ڕۆڵ وسەرچاوەی بۆ بەکار دەهێنرێت. بە پێچەوانەی تیروانینی چۆمسکی، ڕێزمانی ڕۆڵ و ئاماژەدان بە زمان وەک سیستەمێک بۆ کرداری کۆمەڵایەتی پەیوەندی و لێرەوە شیکاری ڕۆڵی پەیوەندیکردنی پێکهاتە ڕێزمانییەکان لەبەرچاو دەگرێت کە لەم تیۆرەدا ڕۆڵێکی جەوهەری دەگێرن. ئەوەی چەمکی ڕێزمانی RRG لە شێوازی پێوانەیی جیا دەکاتەوە، ئەو بۆچوونەیە کە دەڵێت پێکهاتەی ڕێزمانی ناتوانرێت شی بکرێتەوە یان لێی تێبگەین ئەگەر لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ئەرکی واتاداری و پەیوەندیدارەکانی نەبێت. دروستکردنی ڕستە بابەتێکی ڕستەسازی سەربەخۆ نییە، بەڵکو بە شێوەیەك سەیردەکرێت کە دروستکردنی ئەو ڕستەیە تا ڕادەیەك بەندە بە هۆکاری واتاییەوە. بۆ پێکهاتەی زانیاری دوو لایەنی هەیە کە پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە. یەکەمیان دۆخی زانیاری یان چالاکیی ئاماژەکان و ئەوانی تر ئەو پەیوەندییە پراگماتیکیانەیە کە بەهۆی ئاماژەکان و ئەوەی لە نێوانیاندایە دروست دەبن.

***Article Info***

Received: June, 2023

Revised: July, 2023

Accepted: August, 2023

***Keywords***

ڕێزمانی ڕۆڵ و ئاماژە، بنەمای مێژوویی، پێکهاتەی سینتاکسی، پێکهاتەی چێوەی پارستە، پێکهاتەی زانیاری.

***Corresponding Author***

**Azheen.ibrahim@garmian.edu.krd**

**Omed.barzan@garmian.edu.krd**

## پێشەکی:

ئەم تیۆرییە لە زمانی ئینگلیزی بە The role and reference grammar ناو دەبرێت لەزمانی کوردیدا زاراوەی ڕێزمانی ڕۆڵ و ئاماژە یان ڕێزمانی ڕۆڵ وسەرچاوەی بۆ بەکار دەهێنرێت ، لە زمانی فارسیشدا بە دستور نقش و ارجاع ناو دەبرێت. ئەم تیۆرییە بەوە جیادەکرێتەوە لە تیۆرییەکانی چۆمسکی کە تەنها بایەخ بە ڕۆنانی سەرەوە و ڕۆنانی ژێرەوە نادات بەڵکو لێکۆڵینەوە لە سینتاکس دەکات بە پشت بەستن بە لایەنی واتا، ئەم تیۆرییە لە لایەن (ڤان ڤالین) ەوە خراوەتە ڕو دواتر گەشەی پێ دراوە. ڤان ڤالین هەوڵی داوە ئەم تیۆرییە لەگەڵ هەمو زمانەکانی جیهاندا بگونجێنێت بەوەی کە (چێوە/ پەراوێز) بە نابابەت دادەنێت و کەرستە بەخورتیەکانیش وەك(بابەت، گوزارە) بە بابەت دادەنێت. ئەوەی لەم تیۆرییەدا بونی هەیە تاکە ئاستی ڕستەیە بە گۆڕانی نواندنە سینتاکسییەکە نواندنە واتاییەکە گۆڕانی بەسەردا دێت. هەروەها تیۆرییەکە فۆرمە ستانداردەکانی وەکو (پەیوەندییە ڕێزمانییەکان-grammatical relations ) و (سینتاکسی ئێکس بار_'x') بۆ نواندنە سینتاکسییەکان ڕەتدەکاتەوە، چونکە پێی وایە ئەوانە نواندنێکی جیهانیان نیە.

لیستی کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| ڕێزمانی ڕۆڵ و ئاماژە | RRG |
| پێکهاتەی چێوەی پارستە | LSC |
| بێ ئەنجام/نابەردەوام | SEML |
| جێگای جیاکراوەی ڕاست | ج.ج.ڕ |
| جێگای جیاکراوەی چەپ | ج.ج.چ |
| ناوک | NUC |
| فرێزی ناوی | PN |
| فرێزی پێشناوی | ف.پ |
| گوزارە | PRED |
| جێگای پێش ناوەند | ج.پ.ن |
| جێگای دوای ناوەند | ج.د.ن |
| بەرهەمهێنان و گوێزانەوە | GB |
| ڕێزمانی پەیوەندییەکان | RELG |
| ئاوەڵکرداری چۆنێتی | ئا.چۆنێتی |

## 1/1/1_ڕێزمانی ڕۆڵ و ئاماژە The role and reference grammar:

لە زمانی ئینگلیزی ئەم تیۆرییە بە ( The role and reference grammar ) ناو دەبرێت، زۆربەی کات

کورتکراوەکەی بەکار دەهێنرێت (RRG). لەزمانی کوردیدا زاراوەی ڕێزمانی ڕۆڵ و ئاماژە یان ڕێزمانی ڕۆڵ و سەرچاوەی بۆ بەکار دەهێنرێت. لە زمانی فارسیشدا بە دستور نقش و ارجاع ناو دەبرێت. دەتوانرێ بە "بیردۆزی پێکهاتەیی کرداری ڕێزمان" ناوببرێت، کە بۆ یەکەمجار لە لایەن ڕۆبەرت ڤان ویلن و ولیام فۆلی لە ساڵی (1984) پێشکەشکرا و دواتر لە بەرهەمەکانی ڤانڤالین و لاپۆلا لە ساڵی (1997) و ڤان ڤالین لە ساڵی (2005) فۆرمێکی تەواوتری وەرگرت. لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، لە لێکۆڵینەوەکانی ڕۆبەرت ڤان ڤێلن وەک باس کرا، ویلیام فۆلی کە خوێندکاری چارلز فیلمۆر بوو، ڕێزمانی ڕۆڵ و ئاماژە فۆرمی ئەسڵی وەرگرت.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم تیۆرییە، بەکارهێنانی تیۆرییەکانی زمانناسان و فەیلەسوفانی زمانە بۆ ئەمەش بەو مانایە کە ڤان ڤێلن هەندێک لە تیۆرییەکانی زمانناسانی دیکەی قبوڵ کردووە و لە تیۆرەکەیدا جێی کردووەتەوە، بەڵام هەندێک زانیاری دەستکاریبان تێدا کراوە لەوانە تیۆری دروستکردنی زانیاری لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا پێشکەش کرا.

ڕێزمانی ڕۆڵ و ئاماژە تەنیا مامەڵە لەگەڵ ئەو پەیوەندییانە ناکات کە لە ئەنجامی سەرهەڵدان و تێکەڵبوونی فۆرمەکانی زمانەوانییەوە سەرهەڵدەدەن، هەروەها گرنگی بەو پەیوەندییانە دەدات کە لە سەرهەڵدان و تێکەڵکردنی واتاسازی و زانستی پراگماتیک بەدەست هاتوون. بۆیە ئەمە بە مانای ڕاستەقینەی تیۆرێکی بونیادگەرایی-ڕۆڵ ئاراستەکراوە نەک تیۆری تەنها ڕووخسار بێت یان تەنها ڕۆڵگێر بێت. **( ڤان ڤیلن، لاپۆلا؛13: 1997)**

لە ڕوانگەی ڤان ڤالین و لاپۆلا هەر تیۆرێکی زمانەوانی پێویستە بتوانێت وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بداتەوە:

1_قسەکەران لە بارودۆخە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا چۆن زمان بەکاردەهێنن؟

2_بۆچی زمانەکانی مرۆڤ یەک پێکهاتەیان هەیە؟

3_چی لە هەموو زمانەکانی مرۆڤدا هاوبەشە؟

4_بۆچی زمانەکانی مرۆڤ لە ڕووی پێکهاتەوە بەو شێوەیە دەگۆڕدرێن کە خۆیان دەیانەوێت؟

5_ زمانی مرۆڤ بە تێپەڕبوونی کات چۆن دەگۆڕێت؟

6_ بەکارهێنەری زمانەکان چۆن لە هەلومەرجی ڕاستەقینەدا لە زمان تێدەگەن و بەرهەمی دەهێنن؟

7_سروشتی زانینی زمانی قسەکەرانی ڕەسەن چییە؟ **( ڤان فیلن، لاپۆلا؛13: 1997)**

ئەم بیردۆزە ڕێزمان دەخاتە نێوان چەندین بیروڕای جیاواز ، بە جۆرێك لە لایەك دەکەوێتە ژێر ڕکێفی بیروڕای فۆرماڵیستی ، و لە لایەکی دیکە بیروڕای (ڕادیکاڵی[1]). ڕێزمانی ڕۆڵ و سەرچاوە لە نێوان ئەم دوو لایەنە جیاوازیەکانی بە شێوەیەکی ئاشکرا دەتوانرێت دیاری بکرێت بە جۆرێك لە دیدی فۆرمالیستەکان[2] RRG زمان وەکو سیستەمێکی کاری کۆمەڵایەتیی هاوبەش دەبینێت، بۆیە شیکاری ئەو ئەرکانەی کە پەیوەندیدارن بە پێکهاتە مۆرفۆلۆژییەکان ڕۆڵێکی گرنگی لە باسکردنی ڕێزمانیدا هەیە ، تیۆری بیرکردنەوەی فۆرمالیستەکان دەڵێت " زمان سیستەمە ، ڕێزمانیش سیستەمێکە بە مانای پێکهاتەیی نەریتی.

odئەوەی چەمکی ڕێزمانی RRG لە شێوازی پێوانەیی جیا دەکاتەوە، ئەو بۆچوونەیە کە دەڵێت پێکهاتەی ڕێزمانی ناتوانرێت شي بکرێتەوە یان لێي تێبگەین ئەگەر لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ئەرکی واتاداری و پەیوەندیدارەکانی نەبێت. دروستکردنی ڕستە بابەتێکی ڕستەسازی سەربەخۆ نییە، بەڵکو بە شێوەیەك سەیردەکرێت کە دروستکردنی ئەو ڕستەیە تا ڕادەیەك بەندە بە هۆکاری واتاییەوە .

لە ڕووی پەیوەندییە ڕێزمانییە پوختەکانەوە کە سیستەمی پێکهاتەیی دیاري دەکەن ، RRG تەنها مامەڵە لەگەڵ پەیوەندییە پێکبەست و کۆکراوەکان لە زاراوە فەرمیەکان ناکات بەڵکو مامەڵە لەگەڵ واتاو گونجان و پەیوەندییە پێکەوەسازییەکانیش دەکات. بۆیە لێرەوە دەتوانین RRG بە شێوەیەکی دروست وەک تیۆرێکی کارایی پێکهاتەیی پۆلێن بکەین، لە بری پۆلێنکردنی بە شێوازێکی سەربەخۆ تەنها وەك شێوەیەکی روکاری (فۆرمالیست )یان تەنها وەك شێوازێکی کارایی پوخت.

## 2/1/1_بنەمای مێژوویی:

RRG لە ئەنجامی هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارێکی بنەڕەتی گەشەی کرد:

چۆن کارلێککردنی ڕستەسازی و واتاسازی و پراگماتیک لە سیستەمی جیاوازی ڕێزمانی دا بە باشترین شێوەیە وەردەگیرێت و ڕوون دەکرێتەوە؟

ئەم پرسیارانە ڕەنگدانەوەی ئەو پرسانەن کە لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا لە هەندێک بنچینەی زمانەوانی ئەمریکیدا بەدیارکەوتن . کاریگەرییەکانی ئەم زمانەوانانە لەسەر تیۆرییە زمانەوانییە نوێیەکان دەستیان بە دەرکەوتن کرد جگە لەوەش، قوتابخانەی پراگ و بیرۆکەکانی هالیدایان سەبارەت بە ڕۆڵی گوتاری پراگماتیک لە ڕێزماندا لە کۆمەڵێک ڕوانگەی جیاوازەوە دەستی بە لێکۆڵینەوەکرد.

[1] ڕادیکاڵ ئاراستەیەکی سەربەخۆ یە کە ئامانجی گۆڕانکاری ڕیشەیی بووە

[2] زاراوەی فۆرماڵیزم باس لە زاڵبونی فۆرم دەکات بەسەر ناوەڕۆک یان واتا لە هونەر، ئەدەب، یان فەلسەفەدا. پراکتیزەکارێکی فۆرماڵیزم پێی دەوترێت فۆرماڵیست.

زۆرێـک لە پرسـە تاپیۆلۆژییەکـان، بـۆ نمـوونە گشـتگیربوونی چەمکـی "بـابەت"، و پرسـە تیۆریەکـان، بـۆ نمـوونە. پەیوەنـدی نێـوان "بـابەت-subject" و "سـەرتۆپ-topic" لە سیسـتەمی ڕێزمانیدا، بریتیبون لە ناوەندی چەمکسازی سـەرەتایی RRGدا بە جۆرێك لە کارە سـەرەتاییەکانی تیۆرەکەدا ڕەنگـی داوەتەوە ئەو تیـۆرییەی کە ڕاسـتەوخۆ RRG لێـوەرگیراوە تیـۆری ڕێزمـانی فیلمۆره[3] (١٩٦٨). وەک لە مۆدێلی فیلمۆردا هـاتوە جێگیرەوەیەکـی واتـایی هەیە کە بەکاردێـت لە نـاو پێکهـاتەی ڕووکاری ڕستەسازی بە بێ ئەوەی هیچ تێکەڵیەك لە شێوازی ڕستەسازیەکە دروست بکات.

وردەکـاری کێشـانی هێڵکاریـەکـان لە RRG چەنـد جیـاوازیەکی روکەشیان هەیە لەگەڵ ئەمەشدا یەکێك لە جیاوازیە بنەڕەتیەکان بریتیە لەوەی کە لەڕێزمانی RRG شێوازی گوتـاری براگماتیك ڕۆڵی هەیە لە کێشانی نەخشەسازی ڕستەکان .

تیـۆری RRG بـۆ پێکهـاتەی پاڕسـتە پەیـڕەوی تێگەیشـتنی دابەشـکردنی پاڕسـتە لای فیلمـۆر دەکـات بـۆ (شـێواز-modality) و (پێشـنیاز- proposition) لە ڕێگـای چارەسەرکردنی (بابەتەکان -arguments)و چاکردنەوەیان بە شـێوەیەکی ڕون لە بەشـەکانی ڕێزمـان وەکـو کـات tense ، ئەسپێکت-aspect, - modality ,- ڕوکـارmood . **( ڤان ڤیلن، لاپۆلا؛13: 1997)**

## 3/1/1-پێکهاتەی سنتاکسی لە تیۆری ڕۆڵ و ئاماژە:

ئـەم تیـۆرییە لـەڕووی تایبەتمەنـدییە تەکنیکییەکـانییەوە لە تیۆرییەکـانی دیـکەی ڕستەسـازی جیـاوازە، ئەو شـێوازەی کە سەرنجڕاکێشترین شێوە خۆی لە تیۆرییەکانی تر جیا دەکاتەوە تیـۆری بەسـتنەوە (GB) (RelG) ئەوەیە کە بە شـێوەیەکی پۆزەتیڤ کاردەکات، ڕێزمانی

تەنها یەک ئاست لە نواندنی ڕستەسازی دەنوێنن. **(ڕۆبێرت،ڤان ڤیلن، 17: 1993)**.

بەشـێوەیەکی گشـتی دەتـوانین بڵـێین ئـەوەی ئـەم تیۆرییـە لـە تیۆرییەکانی چۆمسکی جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ئەم تیۆرییە تەنها بایـەخ بـە یـەك ئاسـت نـادات( ئاسـتی ڕوکـەش و ئاسـتی قـوڵ)، بـەڵکو ئـەم تیۆرییـە گرنگـی بـە لایـەنی سـینتاکس دەدات بـە لەبـەرچاو گرتنـی لایـەنی واتـاسازی و پراگماتیك. ئـەوەی لـەم تیۆرییـەدا بـونی هەیـە تاکـە ئاسـتی ڕسـتەیە بـە گـۆڕانی نوانـدنە سینتاکسییەکە نواندنە واتاییەکە گۆڕانی بەسەردا دێت. هەروەها تیۆرییەکـــە فۆرمـــە ســـتانداردەکانی وەکـــو (پەیوەندییـــە ڕێزمانیەکانـە-grammatical relations ) و (سینتاکسـی ئێکس باڕ_ 'x) بۆ نواندنە سینتاکسییەکان ڕەتدەکاتـەوە، چونکـە پێـی وایـە ئەوانـە نوانـدنێکی جیهانیـان نیـە. **(شخسـە مامـە، عثمـان،2022: 5)** لـەم ڕێزمانـەدا جـەخت لەسـەر ڕۆنـانی

کلۆزەکان (پاڕستەکان_ دەستەواژە ڕستەییەکان) دەکرێتەوە کە شیدەکرێتەوە بۆ( corelayer) ئاستی کرۆك، کە پێك دێت لە ( a nuclere) نـاوك، ئـەویش کـار و هەمـەمو ئەرگۆمێنتـە پەیوەستدارەکانی دەگرێتـەوە. **(مستەفا، ئاڤان سـەعید، 2015: 3)** پێکهاتەی ڕستەسازی لە تیۆری ڕۆڵ و ئاماژەدا تەنیا یەک چینە، هەربۆیە هیچ لێکچوونێکی لەگەڵ پێکهاتەی وەرگیراوی ڕێزمانـە ئاراسـتەییەکاندا نیـیە کە لە دوو ئاسـتی ڕستەسـازی پێکدێت، لەلایـەکی ترەوە پێکهاتـەی ڕستەسازی لـەم ڕێزمانـەدا بە بەراورد لە گـەڵ ڕێزمانەکـەی چۆمسکی ئـاڵۆز و تێکچرژاو نییە.

بەم هۆیەوە لەم ێزمانەدا تەنیا یەک ئاستی نواندنی ڕستەسازی بـۆ ڕسـتەکان لەبەرچـاو (Semantic Representation دەگیرێت کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە (نواندنی واتاسازی ییەوە هەیە.

هاوبۆچونـــەکانی ئـــەم ڕێزمانـــە بانگەشـــەی ئەوە دەکەن کە کەمترین ژمارەی نواندنی گونجاو بۆ لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی نێـوان فـۆرم و واتـادا لەبـەرچاو گیـراون و ئەم تیۆرییە بە واتـا **(رابرتـز:2005، 3.)** کەمینەییـە.Minimalist) ڕاستەقینەکەی تیۆرێکی( کمینە گرا-

بە بۆچونی لایەنگرانی ئەم تیۆرییە، بنیاتنانی ڕستە لەم تیۆرەدا پێویستە هەموو ئەو تایبەتمەندییە هاوبەشانە لەخۆبگرێت کە بۆ هەموو زمانەکان هەن.

)و( گوزارە-argument بۆیە بنیاتنـانی ڕستەسـازی لەم تیۆرە لەوابەستەبونی نێوان(بابەت )و هەروەها وابەستەبون لە نێوان (بابـــەت و نابابـــەت) دەردەکـــەوێت. **(رســـول پور،Predicate،حسین،1388:41).**




هێڵکاری ژمارە (1)**پێکهاتەی ڕستەی سادە لەزمانی کوردیدا**

## 3/1/1 /1-لـە پێکهاتـەی سینتاکسـی لـە ڕێزمـانی ڕۆڵ و ئاماژەدا دولایەن گرنگن:

[3] ناوی توێژەرێکی زمانەوانییە

### 1/1/3/1/1-پێکهاتەی پەیوەندی و پێکهاتەی ناپەیوەندی:

مەبەست لەم دو پێکهاتەیە لە ڕێزمانی ڕۆڵ و ئاماژەدا ئەوە پەیوەندیانەیە کە لە نێوان یەکە پێکهێنەرەکانی پارستە دروست دەبن، ئەم دو لایەنە بە پێکهاتەیەکی گرنگ و بنەڕەتی لەم لە پێکهاتەی چێوەی پارستەدا دادەنرێن، هەروەکو ڤانڤالین ئاماژەی بۆ دەکات، پێی وایە کە دەکرێت هەردو پێکهاتەی پەیوەندی و پێکهاتەی ناپەیوەندی وەکو دو چەمکی بنەڕەتی لە تیۆرەکە ئاماژەیان بۆ بکرێت. پێکهاتەی پەیوەندی ئاماژەیە بۆ پەیوەندی نێوان گوزارە و ئەو بابەتانەی کە گوزارەیەك لەرستەدا وەریدەگرێت. ئەم پەیوەندییە دەکرێت پەیوەندییەکی سیمانتیکی سینتاکسی پراگماتیکی بێت. هەرچی پێکهاتەی ناپەیوەندییە گرنگی دەدات بە ڕیکخستنی پلەبەندی لە فرێز و پارستە و ڕستەکاندا، کە لەم تیۆرییەدا بە پێکهاتەی چێوەی پارستە ناو دەبرێت.**(شخسە مامە، عثمان،2022: 5)**

### 2/1/3/1/1-پێکهاتەی چێوەی پارستە layred structure of clause:

پێکهاتەی پارستە لەم تیۆرییەدا فۆرمێکی جیاواز تری هەیە، بەبەراورد بە تیۆرییە سینتاکسیەکانی تر، ئەم تیۆرییە لەسەر بنەمای دو بەرانبەری دامەزراوە، یەکەم: بەرانبەری نێوان (گوزارە(predicate) و (بابەتەکان arguments) . دوەم: بەرانبەری نێوان (بابەتەکان (arguments) و (نابابەتەکان non- arguments)؛ نەوەکو لەسەر بنەمای بەرانبەری (NP) و (VP).( **شخسە مامە، عوسمان ، 2022:6).**

نیشان دەدرێت، لە (LSC) ( کە بە theLayered of Structure clauce) پێکهاتەی هێڵکاری درەختەکاندا باس لەوە دەکرێت کە هێڵکاری درەختی لەم تیۆرەدا جیاوازە لە هێڵکاری درەختەکانی ڕێزمانەکانی تردا. ئەو جیاوازییە ئاشکرایەی کە لە یەکەم نیگادا سەرنج ڕادەکێشێت؛ ئەوەیە بە پێچەوانەی هێڵکاری درەختی ڕێزمانەکانی تر ، توخمێک کە لەم هێڵکاریەدا پێی دەوترێت فرێزی کرداری نابینرێت. بۆیە ڤان ڤێلن و لاپولا پێیان وایە کە فرێزی کرداری لە هێڵکاری درەختەکاندا لە چەمکی پێکهاتەی پارستەدا ڕۆڵی ڕاستەوخۆی نیە.**(رسول پور، حسین،1388:43).**

پێکهاتەکانی ڕستەسازیی پارستە لە هەموو زمانێکدا یەکێکە لە پرسە بنەڕەتییە ڕێزمانییەکان و بەم پێیەش پێکهێنەرەکانی دیکەی پارستەکە وەک NP و PP بە بەراورد لەگەڵ ئەم پێکهاتەیە پێناسە دەکرێن. **(ڕۆبێرت،ڤان ڤالین، ٢٠٠٥:٣).**

پێکهاتەی پارستە لە RRG بەپێی بۆچونی ڤان ڤالین پێکهاتەیەکی چەند چین یان بنەمای واتاداری هەیە کە پێدەچێت پێك بێت لە تایبەتمەندییەکی گشتگیری پارستەکە RRG یەک جۆر دەربڕین و پێشکەشکردن بۆ ڕستەکە وێنا دەکات کە بڕیتیە لە پابەندبوون بە فۆرمی ڕاستەقینەی ڕستەکە. بە زاراوەیەکی فراوانتر، زمان لە چوارچێوەی RRG وەک سیستەمێکی کردە کۆمەڵایەتی و پەیوەندیدارەکان پێناسە دەکرێت، کە تێیدا پێکهاتەی ڕێزمانی بە ڕێزگرتن لە ئەرکە پەیوەندیدار و واتادارییەکان لێکدەدرێتەوە.**(ڤان ڤالین، لاپۆلا: (1997:13**

RRG فۆرمە ستانداردەکان بۆ پێکهاتەی پارستەکان (پەیوەندییە ڕێزمانییەکان، ڕستەسازی X-bar) ڕەتدەکاتەوە، چونکە ئەوانە گشتگیر نین و بە شێوازێکی پێویستی هەندێك لایەنی پێکهاتە بەسەر هەندێك زماندا دەسەپێنرێت لەو شوێنانەی کە گونجاو نییە.

چەمکی RRG بۆ پێکهاتەی چێوەی پارستە [LSC]، لە( NUCLEUS-ناوك) پێکهاتووە، کە کرداری تێدایە، CORE_کرۆك)، کە ناوکی تێدایە، لەگەڵ (argument بابەتەکان)، ( PERIPHERY-پەراوێز/ چێوە)، کە گۆڕینی کاتی و شوێنی پارمەتیدەری ناوك لەخۆدەگرێت. ئەم لایەنانەی LSC گشتگیرن.

هەریەک لە چینە سەرەکییەکان (ناوک، کرۆك،پارستە) بە یەک یان زیاتر لە (OPERA TORS – کردە)دەستکاری دەکرێن، کە هەریەك لە بابەتە ڕێزمانییەکانی وەک (tense کات)، ( aspectئەسپێکت) ، (modality -شێواز)(- evidentiality)، لە خۆدەگرێت لە دەربڕینی لە فەرمی LSC. ئەم دەربڕینانە پێویستە وەک قاڵبی بیناسازی سەیر بکرێن چونکە بونی ئەم قاڵبانە لە زمانێکدا پێکهاتەیەکی گرنگی ڕێزمانەکەی پێکدەهێنێت.

توخمە پێکهێنەرەکانی پارستە لە RRG پێکدێن لە ناوک، وەک یەکەی سەرەکی پێشبینیکراو، RRG باوەڕ بە (VPs-پێکهاتەی فرێزی کرداری) وەک بنەمای بنیاتنانی پێکهاتەی پارستە ناکات، لەبری ئەوە ناوک وەک پێکهاتەی سەرەکی پارستە دەناسێنێت **(ڕۆبێرت،ڤان ڤالین، ٢٠٠٥:٥).**

لە بەرامبەردا ئێرتیشك شیر لە لێکۆڵینەوەی لەم بابەتەدا، تیشك دەخاتە سەر ڕێکخستنیRRG ، کە تێیدا پێکهاتە ڕێزمانییەکان وەک قاڵبی بنیاتنان بە تایبەتمەندی ڕستەسازی و واتاسازییەوە دەخرێنەڕوو. **(ئێرتیشیک شیر 4-2007:5).**

٢- منداڵەکە نانەکەی بەپەلە خوارد.




**لەم هێڵکارییەی ژمارە(2)دا پێکهاتەی چێوەی پارستە لە زمانی کوردیدا پیشان دەدات.**

لێکدانەوەی ڕێزمانی ڕۆڵ و ئاماژە بۆ بۆ پێکهاتەی پارستە، لەسەر دو بنەمای واتایی پتەوکار دەکات، یەکێکیان توخمێکی گوزارەیی و ناگوزارەیی و ئەوی تریان جیاکردنەوەی نێوان فرێزەکانی ناو و پێشگرەکانە کە بابەتی پێشبینیکەرن ئەم دەستەیە نابابەتین.

فرێزەکانی ناوی و پێشگرەکان کە بە بابەتی گوزارە دانانرێن، لە بەشی پەراوێز دادەنرێن و لە ڕیزی سەربارەکاندان کە وەسفی ناوەند دەکەن.**(هەمان سەرچاوە:28).**

| تۆخمی واتایی | یەکەی ڕستەسازی |
|---|---|
| گوزارە | ناوك |
| بابەت بە نوێنەرایەتی واتایی گوزارە | بابەتی کرۆك/ناوەند |
| نابابەت | پەراوێز |
| بابەتەکان+ گوزارە | کرۆك/ ناوەند |
| نابابەتەکان+ بابەتەکان+ گوزارە | پەراوێز+ کرۆك= پارستە |

**خشتەی ژمارە (1)یەکە واتاییەکانی پێکهاتەی پارستە.**

ئەو توخمانەی کە لەم خشتەیەی سەرەوەدا ئاماژەمان پێ کرد، تـوخمی جیهـانی پێکهاتـەی چێـوەی پارسـتەیە، هەنـدێك لـە توخمەکان جیهانی نین، جێکەوتەی پێش کرۆك یا جێکەوتەی پاش کرۆك بۆ هەندێك لە زمانەکان ، جێکەوتە سینتاکسییەکان بۆ پێکهێنەرەکانی پێشەوە و وشە پرسەکانە کە لە جێکەوتەی سەرەتادا نین، ئەم توخمانە لە دەرەوەی کرۆك، بەڵام لە نـاوەوەی پارسـتەدان. لـە دەرەوەی پارسـتە دەسـتەواژە جیاکراوەکان لە ڕاست و چەپ بونیان هەیە کە بە ڕێك و پێکی لـە جێکەوتـەی جیاکراوە لـەلای ڕاسـت و لـە جێکەوتـەی جیاکراوەی لای چەپ دادەنرێن.

## 4/1/1-یەکە سەرەکییەکان/جیهانییەکان لە ڕێزمانی ڕۆڵ و ئاماژەدا:

مەبەست لە یەکانە لەم ڕێزمانەدا ئەو یەکانەن لە هەمو زمانەکاندا هاوبەشن، واتە دەکرێت لە هەمو زمانەکاندا بونیان هەبێت و هاتنیان بە خورتییە ، بەبێ یەکێك لەم یەکانە ڕستەیەکی تەواو دروست نابێت لە چوارچێوەی ئەم تیۆرییەدا ئەو یەکانەش بریتین لە:

ناوەند/ کرۆك: پێك دێت لە ( ناوك و بابەتەکان)

ناوك: پێك دێت لە (گوزارە کە بە گشتی (کارە)

پەراوێز: پێك دێت لە(نابابەتەکان)، وەکو : (گرێی بەند، کاتی و شوێنییەکان).( **شخسە مامە، عوسمان ، 2022:7).**

## 5/1/1-یەکە ناسەرەکییەکان/ ناجیهانییەکان لە ڕێزمانی ڕۆڵ و ئاماژە:

مەبەست لەو یەکانەن لەم ڕێزمانەدا کە لەهەمو زمانەکاندا هاوبەش نین و مەرج نیە لەهەمو زمانێکدا هەبێت، بەڵکو دەکرێت لە هەندێك لە زمانەکاندا بونیان هەبێت، وا لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەکەین.

### 1/5/1/1-جێگای پێش کرۆك لە ڕێزمانی ڕۆڵ و ئاماژە:

مەبەست لەو جێکەوتانەیە لەڕستەدا لەناو pre core slot جێگای پێش کرۆك_ پارستە دایە بەڵام دەکەوێتە دەرەوەی کرۆك. ئەمانەش بە زۆری ( وشە پرسەکان و توخمە سەرەتاییەکان و یەکەی جەختکردنەوەییەکان) دەگرێتەوە. لەم هێڵکاری ژمارە(3) دەردەکەوێت.

٣-ئایا کێ بوو بە توی وت سبەینی وانە ناخوێنین؟




**هێڵکاری ژمارە(3)جێگای پێش کرۆك**

لەم هێڵکارییەی سەرەوەدا وشەی پرسی (ئایا) کەوتوتە جێگای پێش کرۆك، کە لەدەرەوەی کرۆك و ناوەوەی پارستەیە و هاتنی لە ڕستەکەدا بەئارەزوە.

### 2/5/1/1-جێگای دوای کرۆك لە ڕێزمانی ڕۆڵ و ئاماژە:

مەبەست لەو کەرستە و دەربڕینەیە لە ڕستەدا لە post core slotجێگای دوای کرۆك ڕێزمانی ڕۆڵ و ئاماژەدا کە جێگای

دەکەوێتە دوای کرۆك، واتە ئەو کەرستەیەی کە دەکەوێتە پێش کـرۆك هەنـدێ جـار دەکەوێتـە دوای کـرۆك. لەڕسـتەدا یـان دەکەوێتە پێش کرۆك یان دوای کرۆك.

### 3/5/1/1-جێگای جیاکراوەی ڕاست و چەپ:

مەبەست لە جێگای جیاکراوە لەم ڕێزمانەدا ئەو دەربڕینانەن لەڕستەدا کە بەیەکەی ناسەرەکی دادەنرێن و هاتنیان لەڕستە بە ئارەزوییە و بۆ خستنە ڕوی زانیاری زیاترە. LDP ڕسـتەیەکی پێشوەختەیە جێگای جیاکراوەی ڕاست و چەپ کورتکراوەکەی دەربڕینـی جێکەوتـەی جیـاکراوەی ڕاسـت بـە خـۆیەوە، کـە دەتوانرێـت وەکـو سـەربارێك لـە ڕستەدا سـەیر بکرێـت کەبـە لابردنی واتای ڕستەکە تێك ناچێت، بەڵام بونیشی لە ڕستەدا بۆ زیـاتر ڕونکردنــەوەی واتـای ڕسـتەیە و خسـتنەڕوی زانیـاری زیاتر کە لەناو پارستە و دەرەوەی کرۆکدایە. ئەم دو یەکەیـە دو لایــەنی تــری تیۆرییەکــەن و بەگشــتی دەکەونــە پــێش وشــە پرســــەکانەوە. ئــــەم یەکانــــەش بەیــــەك وەســــتان نیشــــان دەدرێن**(موعزی پور، فەرهاد،2010: 102).**

لەم هێڵکاریانەی خوارەوەدا جێگای جیاکراوەکانی لای ڕاست و چەپ دەخرێنەڕوو کە لە دەرەوەی پارستەدان.

٤-کاتێك مندالّ بووم وێنەی زۆر جوانم ئەكێشا.




هێڵکاری ژمارە(4) پیشاندانی جێگای جیاکراوەی ڕاست

٥- نانەکەم خوارد هەرچەند برسیشم نەبو.




لـەم هێڵکارییـەی ژمـارە(5) جێکەوتـەی جیاکراوەی لای چـەپ پیشـاندراوە کـە لـە دەرەوەی پارستەدایە زیـاتر بـۆ خستنەڕوی زانیاری زیاتر بەکار دەهێنرێت.

لێرەدا دو خاڵی گرنگ هەیە سەبارەت بە شوێنی ئەم یەکانە:

یەکــەم- ناتوانرێــت شــوێنی(ج.ج.ڕ) و (ج.ج.چ) و (ج.پ.ن) ئـاڵوگۆڕ بکـرێن: بـۆ نمونـە لـە ڕسـتەی ژمـارە(6) ڕسـتەیەکی ناپەسەندە چونکە یەکەکان لە شوێنی خۆیاندا نین :

- 6-*کەی ئێوە دەزانن ڕوداوەکە ڕویدا؟

دووەم_ دەکرێـت هەنـدێکجار ئـەو یەکانـەی وەکـو (پـەراوێز) بەکاردێن، لەگەڵ ئەو یەکانەی وەکو (ج.ج.ڕ) و (ج.ج.چ) وەکو یـەك بـن. لــەم حاڵەتــەدا یــەکێك لــە ڕێگاکــانی ناســینەوە و جیاکردنـەوەیان لەیـەکتری بریتییـە لـە یـەك وەسـتان لـە دوای دەربڕاوی (ج.ج.ڕ).( **شخسەمامە، عوسمان،2022:11)** بـۆ نمونە لە ڕستەکانی ژمارە(7) دا:

7-أ- ئەمرۆ ماموستاکەم بینی. (ئەمرۆ)= پەراوێز

ب- ئەمرۆ، ماموستاکەم بینی. (ئەمرۆ)= (ج.ج.ڕ)




هێڵکـاری ژمـارە(6) نوانـدنی هۆشـەکی(LSC) کـە (ج.ج.ڕ) و (ج.ج،چ) و (ج.پ.ك) و (ج.د.ك) لـــــەخۆدەگرێت.(هـــــەمان سەرچاوە:11)

بۆ ڕونکردنەوەی زیاتری ئەم هێڵکارییەی سەرەوە نمونەیەك لە زمانی کوردی بە هێکاری دەخەینەڕوو:

8-دەزانیت، بۆچی ئەمرۆ ماموستا نەهات بۆ زانکۆ؟

xp=head or phrase of any category -4




**هێڵکـاری ژمـارە(7) نوانـدنی (ج.ج.ڕ) و (ج.پ.ك) لـە زمـانی کوردیدا.**

### 1/2/1-_پێکهاتەی واتاسازی:

لایـەنی واتاسـازی لـەم تیۆرییـەدا پێکهاتەیـەکی سـەرەکی یـە لـە شـیکردنەوەی ڕسـتەدا، کـە پشـت دەبەسـتێت بـە نوانـدنی

فەرهەنگی کارەکان.**(شخسە مامە، عثمان،2022:17)** .
تیۆری RRG بۆ ڕۆڵی واتا تا ڕادەیەک جیاوازە لە تیۆرییەکانی تر، بەو پێیەی دوو جۆر یان شێواز لە ڕۆڵی واتاسازی دەخاتە ڕوو. یەکەمیان پەیوەندییە بابەتییە تایبەتەکانن، چەمکە نەریتییەکان ( لە فیلمۆر و گرۆبەر ١٩٦٥ەوە) وەك بریکار، بابەت، نەخۆش، ئەزموونکار و هتد. دووەمیان ڕۆڵی واتاسازی گشتگیرن کە پێیان دەوترێت SEMANTIC MACROROLES؛ لە ڤان ڤالین (b1977)دا باسکراون و لە تیۆرییەکانی تردا هاوشێوەیان نییە، کە بە شوێنکەوتنی بیرۆکەکانی گرۆبەر (١٩٦٥) و جاکێندۆف (١٩٧٦)؛ RRG دادەنرێن . **( ڕۆبێرت،ڤان ڤیلن، 65: 1993)**

پێشتر باس لەوە کرابوو کە پێکهاتەی واتا لە تیۆری ڕۆڵ و ئاماژەدا لەسەر بنەمای تیۆری ئەکتیۆسارت وێندلەر لەساڵی (١٩٦٧)پێشکەشی کرد و وێناکردنی لەلایەن دەیڤید دۆتی (١٩٧٩) بریار درا. بەو مانایەی لە پۆلێنکردنی واتای کردارەکاندا تیۆری وێندلەر بەکاردەهێنێت هەروەها هەندێک گۆڕانکاری لەو فۆرمەدا کراوە بۆ جیاکردنەوەی نێوان کردارەکان لە فۆرمی کۆتایی لە تیۆری دۆتی سوودی وەردەگرت **(ڕۆبێرت،ڤان ڤالین، ٢٠٠٥: ٣١)**

ڕۆڵی واتایی لەنمونەی ژمارە(9) ڕون دەکەینەوە:
9-من هەست بە دڵخۆشی ئەکەم.
جێناوی (-ئەزمون گەر Experiencer ) ی هەیە، (من) کە ڕۆڵی بکەر دەبینێت ڕۆڵی واتایی ڕۆڵی (کارەکتەر ) یش دەبینێت. هۆکاری سەرەکی بۆ دیاریکردنی ئەم دوو ڕۆڵە واتادارە،
ئەوەیە کە سەرەڕای بوونی چەندین ڕۆڵی سەرەکی ناکۆک لە نێوان ئەوەی کە دوو ڕۆڵی بابەتی سەرەکی یەک کردارێکی ڕاگوزەر پێکبهێنن هەیە.
ڕێزمانی ڕۆڵ و ئاماژە بە مۆدێلی دابەشکردنی وێندلەر کردارەکان بۆ شەش جۆر پۆلێن دەکات بەم شێوەیە:
1-باروودۆخ(status: خاوەنی تایبەتمەندی "Unlimited in time"و"Dynamic-Non" : وەک کردارەکانی "نەخۆشبوون"، "زانین"، "خۆشەویستی، بون.**(حسین رسول پور1388:50 )**
ئەم کۆمەڵەیە ئەو کارانە نیشان دەدەن کە هیچ چالاکی و کردەیەکی تایبەت نیشان نادەن، بەڵکو تەنیا نیشاندەری حاڵەت و بار و دۆخن. واتە لە ڕوی کاتەوە بێ سنورن و کاتی تەواوبونی کردارەکە دیاری نەکراوە، بۆنمونە هەستەکانی ( زانین، فێربون، ڕق لێبون، ترس، شەرم، دڵخۆشی، دڵتەنگی، ....) وەك دەزانرێت کاتی هەریەك لەم کردە و هەستانە دیاری نەکراوە، دەکرێت ماوەکەی کاتی یان بەردەوام یان کورتخایەن یان درێژ خایەن بن و نازانرێت کەی تەواو دەبن.

:بۆ نمونە:
10-کوڕەکە کچەکەی خۆش دەوێت.
لەم نمونەیەدا کرداری خۆش ویستن هەستێکی تایبەتە و نازانرێت کۆتایی پێ دێت یان نا، یان کاتی کۆتایی دیاری نەکراوە.
2-چالاکی activities وەک: تایبەتمەندی داینامیك و بێسنوور لە ڕووی کاتەوە یان هەیە؛
کرداری "ڕۆیشتن"، "مەلەکردن"، "بیرکردنەوە"، "باران"، "خوێندنەوە"، "خواردن"، "ڕۆیشتن. هەریەك لەم کردانە کاتی تەواو بونیان دیاری کراو نیە.
دەبنە کرداری چالاکیی. زۆربەی کردارە جووڵاوەکانی وەک ڕاکردن، هەڵهاتن، ڕۆشتن، بڕۆ'، وەک کرداری کاتی کاردەکەن **(مهامانی،1992: 18)**
11- باران نمە نمە دەبارێت.
دەبینن کردەی باران کردەیەکە کاتی یە و تەواو دەبێت ، بەڵام بەدڵنیاییەوە دوبارە دەبێتەوە و دیسان دەبارێت.
ئەم جۆرە کارانە هەڵگری چەمکی کردە و چالاکین، هەر کردارێك لە ماوەیەکی دیاریکراودا ڕوودەدات و پێویستی بە تێپەڕبونی کاتە و شایەنی بەردەوامبونن**(شخسە مامە،عثمان،2022:18)**.
3_ساتەوەختی: ئەو کردارانە دەگرێتەوە کە گۆڕانکاری ساتەوەختی تۆمار دەکەن. یان ئەم کردارانە خاڵی کۆتاییان هەیە. وەک کردارەکانی: "تەقینەوە"، "داڕوخان.**(حسین رسول پور1388:50 )**.
نمونە:
12-باڵەخانەکە داڕوخا.
کرداری ڕوخان ڕوداوێکە لە ساتەوەختێکدا ڕویداوە ، گۆڕانکارییەکە لە باڵەخانەکەدا ڕویداوە ئەم ڕودانەش یەکجار بووە و کۆتایی پێهاتووە.
وەك ئاشکرایە ئەم جۆرە کارانە پێچەوانەی کاری دۆخ و چالاکین کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێداوە ، چونکە ئەوان سنورێکی دیاریکراویان نیە و نازانرێت کەی تەواو دەبن، بەڵام ئەم جۆرەی تریان کردارێکە ڕوودەدات و خاڵی کۆتایی هەیە و کاتی تەواو بونی دەزانرێت. بۆ نمونە:
13-بومەلەرزەکە تەنها پێنج چرکەی خایاند.
کرداری خایاند لەم نمونەیەدا تایبەتە بە دیاردەی بومەلەرزە، کە دیاردەیەکی کاتیە و دێت و تەواو دەبێت، واتە بەردەوامی تێدا نیە کە نەزانرێت کەی تەواو دەبێت.
4-(بەردەوامی): گۆڕانکاری درێژخایەن (نەک کاتی) دەگەیەنن کە دەبێتە هۆی "خاڵی کۆتایی بەدەستهێنانی و خاڵ. وەک کردارەکانی: "توانەوە"، "بەستن"، "فێربوون.**(هەمان**

**ســــــــــــــــــــــــــــــــەرچاوە:50)**

ئەم جۆرە کردارانە بە پێچەوانەی جۆری ساتەوەختی سنورێکی دیاریکراویان نیە و واتای بەردەوامبون دەگەیەنن. بۆ نمونە:

14-ئازاد زمانی ئینگلیزی بەباشی فێر بووە.

لەم نمونەیەدا، کرداری فێربون ڕویداوە و بەردەوامی هەیە و سنورێك نیە بۆ کۆتایی ئەم فێربوونە.

5- بەردەوامی کردار: کە تایبەتمەندی [+ داینامیکی/چالاك] و [+ ساتەوەختی]یان هەیە؛ وەکو نیگارکێشان.

6-پچڕان: ڕووداوە کاتی و زوو تێپەڕەکان دەگـرێتەوە کە ئەنجامیان نییە. وەک:( پژمین، کۆکین، پێکەنین، گریان،...) هەر یەکێك لەم کارانە کاتی ڕودانیان دیاریکراو نیە و کەڕوبدەن زو تەواو دەبن.

) دۆخی [+وەستاو]، [-داینامیک/چالاك]، [-ساتەوەختی]، [-جێگیر

) چالاکی [-وەستاو]، [+داینامیک]، [-ساتەوەختی]، [-جێگیر

)کاتی [-وەستاو]، [-داینامیک]، [+ساتەوەختی]، [+جێگیر

) بەردەوام [-وەستاو]، [- داینامیکی]، [+ ساتەوەختی]، [-جێگیر

) بەردەوامی کردار [-وەستاو]، [+داینامیک]، [+ساتەوەختی]، [-جێگیر

**(حسین رسول پور1388:50 )** پچڕان [-وەستاو]، [+داینامیک]، [-ساتەوەختی]، [+جێگیر

کردارە ساتەوەختییەکان خاڵی کۆتایی ناوەکییان هەیە. بۆ نموونە ئەگەر شوشەیەک بەهۆی تەقینەوەیەکەوە بشکێت، ئەوا خاڵێکی کۆتایی ساتی تەقینەوە یان تەقاندنەوەیە هەیە. لە پۆلێنکردنی ویندلەردا کرداری جۆری پێنجەم و شەشەم نییە. ڤان ڤالین لەگەڵ دۆزینەوەی زمانناسانی دیکەی وەک کارلۆتا سمیس (1997) ئەم دو جۆرەیان تێکەڵکردووە. شایانی باسە کە هەموو ئەم کردارانەش فۆرمێکی هۆکارانەیان هەیە. کارکردنی ڕێزمانی ڕۆڵ و ئاماژە سەبارەت بە پێکهاتەی واتایی، وشەکان و کارکردنیان لەگەڵ پێکهاتەی ڕستەسازی لەسەر چەمکەکانی نواندنی ڕۆڵی وشەیی و واتا جێگیرە. کردار و توخمە پێشبینیکراوەکانی تر بەزۆری دۆخ یان بارودۆخی کارەکان باس دەکەن، لە کاتێکدا دەربڕینە ئاماژەییەکان ئاماژە بۆ بەشداربووانی ئاخاوتنەکە دەکەن.

کردارەکان لەسەر بنەمای جۆری بارودۆخەکە کە باسی دەکەن پۆلێنکراون، جۆری کرداری بەکارهێنراو ڕۆڵی بەشداربووانی قسەکردن دیاری دەکات و پۆلێنکردنی پەیوەندییە ماناداریەکان بەشێوەی گۆڕانکارییە.**(والی رضایی, مژگان نسانی، 1392:56).**

## 2/2/1-پێکهاتەی زانیاری: (Information Structure)

پرسی دابەشکردنی زانیاری یەکێکە لە گرنگترین پرسیارەکان بۆ زمانزانان لێکۆڵینەوە لە یاریکردنی فۆرم و ئەرک لە زماندا ، توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە لانیکەم دەگەڕێتەوە بۆ کارەکانی زمانناسانی قوتابخانەی پراگ وەک ماتیسیۆس لە ساڵانی ١٩٢٠دا.**(ڕۆبێرت، ڤانڤالین،1993:22)** دواتر زمانناسانی دیکەی وەک کونۆ (١٩٧٢)، سێگال (١٩٨٦)، هالیدی (١٩٦٧ و ١٩٨٥)، پرینس(١٩٨١)چیف (1976، 1987)، درایەر (1996)، لیمبرێخت (1986، 1987، 1994) و ئەوانی دیکە لێکۆڵینەوەیان لەم پێکهاتەیە کردووە، ڕێزمانی ڕۆڵ و ئاماژە لەسەر بنەمای دۆزینەوەکانی لامبرێختە**(حسین رسول پور1388:51)**. هەنگاوی کۆتایی لە گەڕان بەدوای ڕووکاری ڕستەسازی و واتاسازی و پراگماتیک دوای مامەڵەکردن لەگەڵ پێکهاتە ڕستەسازی و واتاسازییەکان، تایبەتمەندکردنی زانیارییەکانی پێکهاتەیە. پرسیارێکی چالاک بۆ ئەو زمانزانانەی کە لە کارلێکی فۆرم و ئەرک دەکۆڵنەوە چۆن ڕەوتی زانیاری کاریگەری لەسەر پێکهاتەی ڕستەیەک هەیە.

دروستەی زانیاری (تۆپیك/ سەرتۆپ، فۆکەس/ تیشکۆ)بە پێی کۆکبونی زۆرێك لە ڕێبازەکان، بەشێك لە سیمانتیك و پراگماتیکی فرێزەکانی ڕستەیەك لە زاراوەی دروستەی زانیاریدا ڕێکخراوە، کە پێویستە جیاکاری لەنێوان (تۆپیك/ سەرتۆپ، فۆکەس/ تیشکۆ ، زانیاری کۆن و نوێ) دا بکرێت.

ڕستە یان دەربڕاو بەپێی دروستەی زانیاری چەمکی بە جفرەکردنی زمانەوانی وەك فۆکەس بەبەراورد لەگەڵ تۆپیك لە سێ بەش پێکهاتووە، تۆپیك/ سەرتۆپ ئەو بابەتەیە کە قسەی لەسەر دەکرێت و بەهۆیەوە مەبەستی ڕستە ڕوندەبێتەوە، یان دەوترێت چەمکی ناواخنی واتایی گۆڕینی فۆکەس بەهۆی گۆڕاویکەوە دیاریکەری ناواخنی واتاییە دەگەیەنێت. کۆمێنت/ فۆکەس/ تیشکۆ، بەسیمانتیکی ئاماژە بەو بەشەی دەربڕین دەکات کە زانیاری نوێ لەخۆ دەگرێت، بە سینتاکسیش ئارگۆمێنت داواکەرە، یان ئەو بەشەی تری ڕستەیە کە زانیاری زیاتر دەربارەی تۆپیك دەخاتەڕو **(حسین، شیلان عومەر، 2011:46)**

لێکدانەوەی پێکهاتەی زانیاری لە ڕێزمانی ڕۆڵ و ئاماژە، تا ڕادەیەکی زۆر، لە کارەکانی لامبرێخت (1994)ەوە سەرچاوە دەگرێت. بۆ پێکهاتەی زانیاری دوو لایەنی هەیە کە پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە. یەکەمیان دۆخی زانیاری یان چالاکیی ئاماژەکان و ئەوانی تر ئەو پەیوەندییە پراگماتیکیانەیە کە بەهۆی ئاماژەکان و ئەوەی لە نێوانیاندایە دروست دەبن.

بەپێی لایەنی یەکەم، ئاماژەکان بە پشتبەستن بە پێگەی خۆیان لە بواری زانیاریدا بۆ جۆری جیاواز دابەش دەبن بەپێی بۆ چونی (لامبرێخت) گریمانە دەکرێت کە قسەکەران بە پشتبەستن

لە هۆشیارییان لە دۆخی مەعریفی مێشکی گوێگر دەتوانن بڕیار بدەن کام شێوە دەربڕین بەکاربهێنن.

ئەو ڕۆڵەی کە ئاماژەکان لە بنیاتنانی زانیاری ڕستەدا دەیگێڕن، چەمکەکانی وەک سەرەتا و ناوەند دەگرێتەوە. مانای زارەکی - بە بڕوای گاندێل، بەکارهێنانی زانیاری سەرەتایی بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت: "توخمێك سەرەتایی ڕستەیەکە، ئەگەر و تەنها ئەگەر، بە بەکارهێنانی، قسەکەر مەبەستی بێت زانیاری بە ئامادەبووان لەسەری زیاد بکات، زانیاری دەربارەی ئەو داواکارییە، یان بە شێوەیەکی تر گوێگر ناچار دەکات لەپەیوەندیدا کردارێک ئەنجام بدات.

هەروەها پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە واتای ڕستەیەکی دیاریکراو، ئاماژەکانی بەشێوەی جیا نین، بەڵکو کاریگەرییەکە لە تێکەڵکردنی زانیاری کۆن و نوێ بەدەست دێت.بەواتایەکی تر لە گریمانە کۆنەکان(پێشوەختە) و زیادکردنی زانیاری نوێ لەبەرئەوەیە کە بەجۆرێك بەو گریمانانەوە پەیوەندی هەیە.**(والی رضایی،مژگان نسانی، 1392:60).**

نزیکبوونەوە لە پێکهاتەی زانیاری ڕستەکان دوو شت دەگرێتەوە پەیوەندییە بەرچاوەکانی نێوان دۆخی زانیاری ئاماژەدەرانی گوتار و پەیوەندی پراگماتیک کە لە نێوان ئاماژەدەرەکان و ئەو گەلالانەدا دامەزراوە کە ڕۆڵی پێشبینی یان ئارگومێنت بگێڕن. **(موعزی فەرهاد ، 1020)**

نیکۆلاڤا بەلەبەرچاوگرتنی ئەرکی یەکەم و سەرەکی زمان، کە ئاڵوگۆڕی زانیارییە، پێکهاتەی زانیاری بە ڕازاندنەوەی ڕستە ناو دەبات، کە چۆن قسەکەر ڕستە دروست دەکات بەمەبەستی ئاسانبونی ئاڵوگۆڕی زانیاری.

پێکهاتەی زانیاری بەشێکی سەرەکییە، واتە پێکهاتەی زانیاری وەکو پێکهاتەیەکی پێویست و هاوشان لەگەڵ پێکهاتەکانی تری زمانی وەکو پێکهاتەی ( دەنگی، سیمانتیك و سینتاکسی) دەخرێتە ڕوو. ئەم پێکهاتانە لەگەڵ یەکتریدا لە پەیوەندی دان**(شخسە مامە، عثمان،2022:31)**..

وەك دەزانرێت پێکهاتەی سینتاکسی لە زمانەکاندا جیاوازن، واتە هەر زمانێك یاسای ڕیزبونی وشەکان بۆ پێکهێنانی ڕستە جیاوازە لە زمانێکی تر، ئەم ڕیزبونەش پێکهاتەی زانیاری ئەو زمانە دەگەیەنێت. هەر گۆڕینێکیش لەم ڕیزبونەدا بکرێت یان زیادو کەم بکرێ،بێگومان واتا و مەبەستی ڕستەکە دەگۆڕێت، ئەمەش بەزۆری کاتێك ئەم گۆڕینە ڕودەدات کە قسەکەر مەبەستێکی تری هەیە لەپشت واتای ئەم دەربڕینەیەوە و زانیارییەکەی دەباتە چوارچێوەی واتای پراگماتیکییەوە. بۆ نمونە:

15-أ- خوێندکارەکە کتێبەکەی گەڕاندەوە.

ب- کتێبەکەخوێندکارەکە باش گەڕاندییەوە.

لەم دونمونەیەی ژمارە(15)دا جیاوازییەکی بەرچاوی واتایی دەبینرێت، ئەویش تەنها لە ئەنجامی پاش و پێش خستن و زیادکردنی وشەیەك، لە نمونەی ( أ-13) ڕستەیەکی ئاساییە و تەنها مەبەست لێی گەیاندنی زانیارییە، بەڵام لە نمونەی (13-ب) لە ئەنجامی گۆڕینی شوێن و زیادکردنی وشەی (باش) زنیارییەکی پراگماتیکی و واتای تەواو جیاواز و پێچەوانەی گەیاندوە و مەبەست لێی:

1_ خوێندکارەکە کتێبەکەی نەگەڕاندۆتەوە.

2-گلەیی کردن لە نەگەڕانەوەی کتێبەکە.

3-خوێندکارەکە ڕاستگۆ نەبو لە بەڵێنی گەڕانەوەکە.

4-خوێندکارەکە درەنگ کتێبەکەی گەڕاندەوە.

## ئەنجام:

1_ڕێزمانی ڕۆڵ و ئاماژە بەوە جیادەکرێتەوە لە تیۆرییەکانی تر تەنها یەك نواندنی بۆ سینتاکس هەیە، ئەویش بە پشت بەستن بە لایەنی واتا کە سیمانتیك و پراگماتیکن.

2-RRG فۆرماتە ستانداردەکان بۆ پێکهاتەی پاڕستەکان (پەیوەندییە ڕێزمانییەکان، ڕستەسازی X-bar) ڕەتدەکاتەوە، چونکە ئەوانە گشتگیر نین و بە شێوازێکی پێویستی هەندێك لایەنی پێکهاتە بەسەر هەندێك زماندا دەسەپێنرێت لەو شوێنانەی کە گونجاو نییە.

3_ئەم ڕێزمانە یەکە بنەڕەتیەکانی ( بابەت، گوزارە، پەراوێز) بە یەکەی گشتی دادەنێت کە لە هەمو زمانەکاندا هەن و بەیەکەوە پێکهاتەی چێوەی پاڕستە پێکدەهێنن.

4-یەکە ناسەرەکییەکان/ ناجیهانییەکان لە ڕێزمانی ڕۆڵ و ئاماژە، مەبەست لەو یەکانەن لەم ڕێزمانەدا کە لەهەمو زمانەکاندا هاوبەش نین و مەرج نیە لەهەمو زمانێکدا هەبێت، بەڵکو دەکرێت لە هەندێك لە زمانەکاندا بونیان هەبێت.

5_پێکهاتەی واتاسازی لەم تیۆرییەدا پێکهاتەیەکی سەرەکی یە لە شیکردنەوەی ڕستەدا، کە پشت دەبەستێت بە نواندنی فەرهەنگی کارەکان.

## سەرچاوەکان:

1_ئاڤان سعید مستفی، 2015، ڕێزمانی ڕۆڵ و ئاماژە لە زمانی کوردی دا لەبەر ڕۆشنایی بۆچونەکانی ڤان ڤالیندا، نامەی ماستەر زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر.

2_عثمان شخصە مامە، 2022، شیکردنەوەی ڕستە لە زمانی کوردیدا بە پێی تیۆری ڕێزمانی ڕۆڵ و ئاماژە، نامەی ماستەر، زانکۆی ڕاپەڕین.

3-حسین ڕەسول پور، 1388، بر رسی جملات مرکب درزبان فارسی بر پایەی نظریەی دستور زبان نقش و ارجاع، پایان نامە کارشناسی ارشد، دانشگاه فردوسی مشهد، دانشکده زبان و علوم انسانی.

4- Brian Nolan 2009, The layered structure of the Irish word: An RRG account of inflectional and derivation processes, Institute of Technology Blanchardstown, Dublin IRELAND.

5-Declerck, Renaat.1988. Studies on Copular Sentences, Clefts and Pseudo-Clefts. Leuven, University press

6-- EMMA LOUISE PAVEY, MARCH 2004, THE ENGLISH IT-CLEFT CONSTRUCTION: A ROLE AND REFERENCE GRAMMAR ANALYSIS, THESIS SUBMITTED FOR THE DEGREE OF DOCTOR OF PHILOSOPHY UNIVERSITY OF SUSSEX.

7-Erteschik-Shir, Nomi. 2007. Information Structure. Oxford: OUP

8- Farhad Moezzipour, 2010,Analysis Cleft Constructions in Persian A Role and Reference Grammar Department of Linguistics Institutes for Humanities and Cultural Studies Tehran,

9- Farzad Azizi, Khaled Farzad, August 2020, Syntactic Templates of the Clause in Central Kurdish According to Role and Reference Grammar, University of Raparin

10- Farhad Moezzipour, 2010, CLEFT CONSTRUCTIONS IN PERSIAN A ROLE AND REFERENCE GRAMMAR ANALYSIS, for the degree of Master of Arts.

11-Lambrecht, K. 1994. Information structure and sentence form. Cambridge: Cambridge University Press

12- Mahamane L. Abdoulaye, 1992, ASPECTS OF HAUSA MORPHOSYNTAX IN ROLE AND REFERENCE GRAMMAR, A dissertation submitted to the faculty of the Graduate School of the State University of New York at Buffalo in partial fulfillment of the requirements for the degree of Doctor of Philosophy.

13- Prince, Ellen. 1981a. Topicalization, Focus-movement, and Yiddish-movement: a Pragmatic Difference.-

14 -Prince, E. 1978. A comparison of wh-clefts and it-clefts in discourse. Language

15-Robert.van valin, Jr., 1993, Advances in Role and reference grammar, state university of newyork. Amsterdam/Philadelphia: John Benjamins.

16- Robert.van valin, Jr., 1990, Advances in Role and reference grammar Van Valin, Robert D., Jr. 1990d. Functionalism, anaphora and syntax. Studies in Language

17- Robert.van valin, Jr., 2005, Advances in Role and reference grammar , Exploring the syntax–semantics interface. Cambridge: Cambridge

18- Robert D. Van Valin, J , 2001, The acquisition of complex sentences: a case study in the role of theory in the study of language development, University at Buffalo The State University of New York

19-R. Van Valin, & LaPolla, R. 1997. Syntax: Structure, Meaning & Function. Cambridge: Cambridge University Press.